# بۆ سێهەمین جار کورد بەشداری لە پێشانگای فرانکفۆرتی نێودەوڵەتی کتێب دەکات

## ئەردەڵان عەبدوڵڵا




لەساڵی 1949 وە هەتاوەکوو ئەمڕۆ ، ساڵانە لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا ، پێشانگایەکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆ کتێب دەکرێتەوە. دیارە ئەم پێشانگایە ، بەگەورەترین پێشانگا دەژمێرێت لەجیهاندا . کە ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی 184000 کم$^2$ و، زیاتر لە 310 هەزار ناونیشانی کتێبی هەمەجۆری تێدایە ، کە 80 هەزاریان تازە چاپکراون . ئەم ساڵ زیاتر لە 7200 دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ، لە 100 وولاتی جیهان بەشداری دەکەن . خۆی لە خۆیدا ئەم پێشانگایە ، فیستیڤاڵێکی گەورەی رۆشنبیری و ئەدەبی جیهانییە . ساڵانە لەهەموو جیهانەوە ، ئەدیبان و نووسەران و رۆشنبیران ، لە فرانکفۆرت کۆدەبنەوە. چەندین کۆڕو سیمیناری هەمەجۆر دەبەستن. چەندین مەسەلەی گرنگ لەلایەن نووسەرانەوە دەورووژێنرێت . ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە کەوا بۆ ماوەی سێ ساڵە ،گەلی کوردیش بەشداری ئەم پێشانگامەزنەی جیهان دەکات، ئەمەش هەوڵێکی باشە بۆ ناساندن و ئاشناکردنی ئەدەب و هونەر و مێژووی کوردی بەجیهان .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ماوەی سێ ساڵە (ناوەندی زانین ورۆشنبیری کورد لەشاری مانهایم) لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستان ، ئەم خزمەتە گەورەیە پێشکەش دەکەن . دەستخۆشی لەهەردوولا دەکەین و هیوادارین کەهەموو ساڵێک بەشداری ئەم چالاکیە مەزنە بکەن . جێگای وەبیرهێنانەوەیە، ئەم ساڵ زیاتر لە 650 ناونیشانی کتێبی هەمەجۆری کوردی بەشداری دەکات، وە ژمارەی کتێبەکانیش دەگاتە نزیکەی 3000 کتێب، کەبەشێکی زۆریان کتێبی تازەچاپکراون . ئەم پێشانگا مەزنە لە 4 بۆ 8 ئۆکتۆبەر بەردەوام دەبێت . دیارە ئەم ساڵ کۆمەڵێک نووسەر وئەدیبی کوردی بەشداری دەکەن لەوانە ( شاعیری گەورەی گەلەکەمان لەتیف هەڵمەت ) جگە لەچەند نووسەرێکی تریش کەلە کوردستانەوە دێن . جگە لەوەش چەند کۆڕو سیمینارێک دەربارەی ئەدەب و مێژووی کورد پێشکەش دەکرێت . هیوادارم کە کوردەکانی هەندەران بەگشتی و ئەڵمانیا بەتایبەتی ، بەشداری ئەم فیستیڤاڵە گرنگە بکەن و، ئەو هەلە زێرینە لەدەست خۆیان نەدەن .

## بۆ زانیاری /

**شوێنی بەشی کوردی لەم پێشانگایە ، هالەی 5 خانەی 964 دایە**

**هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفوونەوە بکەن . سۆران هەولێری . 017629094065**




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com